یەکەم :

پەیوەندی سەرکردە بە دەسەلاتی یاسادانەرەوە

**مادەی دەیەم :.**

١ ـ بانگ کردنی ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ کۆبوونەوە لە خولە ئاسایی و نا ئاسایییەکانیدا

٢ ـ مۆر کردنی ئەو ڕێکەوتننامانەی کە ئەنجومەنی نیشتمانی بڕیاریان لەسەر دەدا .

٣ ـ دەرکردنی ئەو یاساو پێرەوانەی کە ئەنجومەنی نیشتمانی رەزامەندی لەسەر پیشان داوە .

٤ ـ دەرکردنی ئەو بڕیارانەی کە هێزی یاسایان تێدایە لە ماوەی پشـووی ئەنجومەنی نیشتمانیدا یا لە بارو دۆخی ناکاودا بە مەرجێ هەرکـاتێ ئەنجومەن کۆبووەوە بۆ بڕیاردان پێش چاو بخرێن .

٥ ـ پێشنیاز کردنی پرۆژەی یاساکان .

٦ ـ بانـگ کردن بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی بە پێی یاسا لە ماوەی پانزدەرۆژدا لە رۆژی تەواو بوونی ماوەی ئەنجومەنەوە یا دەرکردنی بڕیاری خۆ هەڵوەشاندنەوەی .

**مادەی یانزدەهەم :**

١ ـ دەرکردنی فەرمانی سپاردنی پێکهێنانی دەسەلاتی جێ بەجێ کردن بەو کەسەی ئەنجومەنی نیشتمانی دەستنیشانی کردووە .

٢ ـ دەرکردنی فەرمانی پێکهێنانی دەسەلاتی جێ بەجێ کردن دوای باوەڕ-پێدانی لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانییەوە .

٣ ـ دەرکـردنی فەرمانی دامەزراندن و لادانی خاوەنانی پلەی تایبەتی ومووچە خۆرە گەورەکان و قبووڵکردنی وازهێنانیان لەسەر پێشنیاز کردنی لایەنە پەیوەندارەکان .

٤ ـ هەڵبژاردنی ڕاوێژکارانی خۆی ودامەزراندن ولادانیان .

٥ ـ فەرماندان بەجێ بەجێ کردنی حوکمی ئیعدام یا سووك کردنی .

٦ ـ بە هاوبەشی لەگەڵ دەسەلاتی جێ بەجێ کردندا ، سیاسەتی گشتیی کوردستانی عێراق دادەنێ .

**مادەی دوانزدەهەم :**

فەرماندەی گشتیی هەموو هێزە چەکدارەکانی کوردستانی عێراقە

**مادەی سێزدەهەم :**

ئەگەر سەرکردە لەبەر هەر هۆیەك بێ ئامادەی بەجێ گەیاندنی کارەکەی نەبوو سەرۆکی دەسەلاتی جێ بەجێ کردن جێگەی دەگرێتەوە

مادەی چواردەهەم :

ئەگـەر جێگـەی سەرکـردە لەبـەر هەر هۆیـەك بێ چۆڵ بوو سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی تا هەڵبژاردنی سەرکردەیەکی نوێ لە ماوەی دوو مانگی چۆڵ بوونە کەدا ئەرکەکانی بەجێ دێنێ .

مادەی پانزدەهەم :

ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانیدا بڵاو دەکرێتەوەو لە ڕۆژی بڵاوبوو نەوەیەوە کاری پێ دەکرێ :

★ ★ ★

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان**

**ژمارەی بڕیار** : ١٩

**مێژووی بڕیار** : ١ / ١٠ / ١٩٩٢

**بڕیار**

بەپێی برگـەی (١) لە مادده (٥٦)ی یاسـای ئەنجـومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق ژمارە / ١ ـی ساڵی / ١٩٩٢ ، ئەنجومەن لە دانیشتنی رۆژی ٢٣ / ٩ / ١٩٩٢ دا ئەم یاسایەی دەرکرد .

یاسای **ژمارە / ٥ / ساڵی / ١٩٩٢**

**یاسای وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە**

مادەی یەکەم :

مەبەست لەم وشانەی لای خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانە :

١ . **وەزارەت** :وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە .

٢ . **وەزیر** : وەزیری کاروباری پێشمەرگە .

٣ . **بریکاری**وە زارە ت : بریکاری وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە.

٤ . **دیوان** : دیوانی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە .

٥ . **ئەنجومەن** :ئەنجومەنی ڕاوێژکاری وەزارەت .

٦ . **هەرێم** : هەرێمی کوردستانی عێراق .

مادەی دووەم

١ . وەزیـر سەرۆکی باڵای وەزارەتە وبەر پرسیارە لە ڕێنیشاندانی لە کارەکـانیـدا و سەرپەرشتی و چاودێری کردنی چالاکییەکانی ،هەر لە ویشەوە ئەو بڕیارو فەرمان ورێنمایی یانە دەردەچن کەپەیوەندی یـان بە ئەرکەکانی وەزارەت ودەزگاکانی یەوە لە ڕووی سەربازی و هونەری بەڕێوە بردن و دارایی و ڕێکوپێکی یەوە هەیە ، لەچوارچێوەی حوکمی یاسا و پەیروو ڕێنمایی یە کارپێکراوەکاندا ، هەروەکو لە بەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا بەرپرسیارە بەومانایەی کەئەندامێکی هاوبەشێتی .

٢.بریکری وەزارت بەپێی ئەو دەسەلاتانەی پێی دەدرێت ، لەو ئەرکانەی سەرەوەدا یاریدەی وەزیر دەدا .

**مادەی سێیەم :**

وەزارەت ئەم ئەرکانە بەجێ دەهێنێ :

١ .ئـەرکی بەرگـری کردن لە یەکگرتوویی کوردستانی عێراق بە خاك و

گەلەوە لە رووی هەر دەسدرێژی‌یەکدا لە هەر لایەکەوە بکرێتەسەری .

٢ .وەزارەت ئەو ئەرکەی لەبەندی (١)ی سەرەوەدا وتراوە بەجێ دێنێ لە رێگەی :

أ) دەستنیشانکردنی ژمارەی پێویست لە پێشمەرگەو یەکخستنی هێزەکانی

ب) پێکهێنانی وەحداتی نیزامی .

جـ) مه شق پێکردن وسازدانیان لە رووی زانستی یه وه وبه کرده وه (عملي) به مه به ستی به رزکـردنـه وه ی راده ی جه نگاوه ری ورۆشنبیری یان، له رێگـه ی کردنــه وه ی مەڵبـه ندو قوتـابخـانـه ودام وده زگـای مه شق و فێرکردنه وه بویان .

هـ)دابـین کردنی گشت پێویستی به کانی (چـه کداری، که ل وپه ل، نیشتـه جێ کردن، ئازووقــه، مووچــه، کاروبـاری ژمێریاری وهـه ر خزمه تگوزاری یه کی تر

**ماده ی چواره م:**وه زاره ت له م ده زگایانه ی خواره وه پێکدێ :-

١ـ **دیـوان:** ئه فسه رێك سەرۆکایه تی ی ده کا که سه رپه رشتی ی ئه م نووسینگانه ده کا :

أـ نووسینگه ی وه زیر.

ب ـ نووسینگه ی بریکاری وه زاره ت .

جـ ـ نووسینگه ی ئه نجومه‌نی‌راوێژکاری وه زاره ت .

٢ـ سه رۆکایه تی ی ده سته ی ئه رکانی گشتی که پێکدی له :

أـ دایه ره ی سه رۆکی ده سته ی ئه رکانی گشتی .

ب ـ دایه ره ی یاریده ده ره کانی ده سته ی ئه رکانی گشتی .

جـ ـ ئه و دایه رانه ی تر که به سه رۆکایه تی ی ئه رکانی گشتی یه وه ده به سترێنه وه

د ـ سه رکردایه تی یه کانی ناوچه کان .

٣ـ ئه نجومه نی راوێژکاری وه زاره ت .

أ) ئه نجـومـه نێکی راوێژکـاری یه که مافی راده ربـرین وپێشکه شکردنی پێشنیازی بۆ وه زیر له سنووری ئه م یاسایه دا هه یه . ئه نجومه نه که ش به م شێوه یه پێکدی:

**یه که م: ئه ندامه بنچینه یی یه کان که ئه مانه ن:**

١ـ سه رۆکی ئه رکانی گشتی .

٢ـ یاریده ده ره کانی سه رۆکی ئه رکانی گشتی .

٣ ـ سه رکرده کانی ناوچه کان .

**دووه م: ئه ندامه راوێژکاره کان: هه ر ئه فسه رێك که ئه نجومه ن بریاری ئاماده بوونی بدا .**

**ب ـ ده سه ڵات وئـه رکـه کانی ئه نجـومــه ن به پـه یره وێــك ده ستنیشان ده کرێن که وه زاره ت ده ری ده کا.**

**٤ـ دادگای ته میزی سه ربازی**

٥ **وەزارەت بۆی هەیە دەستەیکی کاتی لە**کارمەندان **وپسپۆرانی کاروباری پێشمـەرگـەو سەربـازی، بۆ دەستنیشـانکـردنی ژمـارەی پێشمـەرگەو یەکخستنیان پێك بێنێ .**

**مادەی پێنجەم** : سەرۆکایەتی دەستەی ئەرکانی گشتی نەخشەی جێ بەجێ کردن پێویست بۆ بە دیهێنانی ئەو ئەرکانە دادەنێ کە لە مادەی سێ‌یە ئەم یاسایە دان .

**مادەی شەشــەم** : **وەزارەت بووجــەی گشتی وەزارەت و ئەو وەحـدە تەنزیمی‌یانە ئامادە دەکا کە پێوەی بەستراونەتەوە .**

**مادەی حەوتـەم** : فەوارەی رێکخستنی **وەزارت بە پەیـرەوێکی تایبـەتی ئامـادە دەکـرێ بە جۆرێـك کە ئامانجەکانی بە دی بێنێ و کاروباری پێشمەرگە لە رووی سەربازی و ئیداریی و دارایی و هونەری یەوە بە رێوەـ ببا .**

**مادەی هەشتەم** :

١) بەخشینی پلە (رتبە)ی هەمیشەیی وکاتی بەپێی یاسا رەچاوکراوەکان دەبێ .

٢) وەزیـر بۆی هەیـە بەپێی پێو یستی و حاجەت و لەسەر ئامۆژگاری لیژنەی پەیوەندار لە وەزارەتدا ، ئەو عەسکەریانە بگێڕێتەوە کە بە هۆی کوردایەتی یەوە لە خزمەت دابڕاون .

**مادەی نۆیەم** :

وەزیـر بۆی هەیـە هەنـدێ‌لە دەسەڵاتەکانی بە بریکاری وەزارەت یا ـ سەرۆکەکانی دایەرە سەرەکی یەکانی وەزارەت بسپێرێ.

**مادەی دەیەم** :ئەم یاسایە هەموو ئەو دەستانەی وەزارەتیان لێ پێکدێ‌و هەروەها دەزگاو تەشکیل و وەحدە بەستراوەکان بەوەزارەتەوەو هەموو ئەو کەسانەی لەچوار چێوەی وەزارەتدا بە عەسکەری‌و مەدەنی‌یەوە ئەرکیان پێ سپێردراوە دەگرێتەوە.

**مادەی یازدەیـەم**:ئـەم یاسـایـە لە رۆژی پەسـنـد کردنی‌و بریـار لەسەردانی‌یەوە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانەوە کاری پێ دەکرێ.

**مادەی دوازدەیـەم**:ئەم یاسایە لە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاودەکرێتەوەو وەزیری پەیوەندارو گشت وەزارەتە پەیوەند دارەکانی تر دە بێ جێ بەجێی بکەن.

**هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە**

**لەبـەر پێویستی‌ی**یەکخستنی **هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و پێویستی‌ی هەرێمی کوردستان بە هێزێکی رێك و پێك بۆ پاراستنی ئاسایش وچەسپاندنی دەسەڵاتی یاساتیایدا وبە رگری لێ کردنی بە خاك و گەلی یەوە و چارە سەر کردنی دیاردەی چەکداری ، هەروەها بۆ بایـەخ پێدان و ریـزلێنـانی رۆڵی قارە مانانە و خەباتگێرانەی هێـزەکـانی پێشمەرگە لە شۆرشی ئەیلوولی ساڵی (١٩٦١).وە تاکو ئێستا ، ئەم یاسایە دەرکرا.**

جوهر نامق سالم

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق**